# جووتیاران له هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوە [1]


نوسینی: خاتوو بێنێدیکت بۆنزی [2] , BENEDICTE BONZI

وەرگێرانی لەفەرەنسیەوە : هەرمێ حمەخالد احمد (مامۆستا له کۆلێژی تەکنیکی کشتوکاڵی هەڵەبجە ).





Sources : Institut kurde de Paris ; Mehrad R. Izady Université de Columbia, New York.

Carte du Kurdistan
Crédits : Institut Kurde de Paris

کوردستان لانکەی کشتوکاڵی گەنمە , ئەم ناوچەیە ناسراوە بە میزۆپۆتامیا. پێش 10.000ساڵ , بۆ یەکەمجار لەم ناوچەیە , تەکنیکی ماڵی کردن و چاندنی گەنم , جۆ, نیسك سەریهەڵداوە . وە تا ساڵی 1975 ئەم ناوچەیە گەنجینەی سەرەکی بەرووبومی گەنمی هەموو عێراق بووە , لە 45٪ ی بەروبومی دانەوێڵە لە کوردستان بەرهەم هێنراوە [3]. ئەم ناوچە بەپیتە کە ناسراوە بە (کەوانەی زێرین) سروشتیانە خاوەنی هەزارەها جۆر تۆوی دانەوێڵە و بەروبومی زستانەو هاوینەیە , کەچی لەساڵی 2004 وە تەنها چەند جۆرێك تۆوی دانەوێڵە رێپێدراوە بۆ چاندن . بەهۆی دانانی پاراستنی مافی موڵکایەتی هزری لەسەر دانەوێلە [4]. وە ئەو بەرنامانەی کە دانراون بۆ دانانی مۆدێلێکی نوێی سیستەمی کشتوکاڵ . لە راستیدا ئەم بەرنامانە بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندی سیاسی , وەك لە وەی بەرنامەیەك بێت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ . جێبەجێ کردنیان دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی بەرهەمهێنانی خۆراك , هەر بۆیە ئێستاکە لە 80٪ خۆراکی ئەم هەرێمە هاوردە دەکرێت [5].

لە ساڵی 1961 وە لە کوردستانی عێراق چەندین جۆری توندوتیژی ئەنجامدراوە دژ بە مرۆڤ و ژینگە . وەك (سیاسەتی سوتاندنی خاك) , وە ( کۆچ پێکردنی کوردەکان بەزۆرەملێ لە ناوچەکانی خۆیان , و چاندنی ئەلغامی دژە مرۆڤ لە گوندەکانیان ) . وە لە ساڵی 1988پرۆسەی فڕکردنی (جینۆسایدی) کورد ناسراو بە ئەنفال [6], بووە هۆی لەناوبردنی زیاتر لە 180.000 کورد . ئەمە یەکێکە لە و توندوتیژیانەی کە ئەنجامدراوە بەرامبەر بە کورد لەم هەرێمە . سەرەرای ئەو هەموو توندوتیژیانە , تەنها لەساڵی 1991دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کاردانەوەی نیشان دا بەرامبەر بە کیمیابارانکردنی کوردەکان . وە بڕیاری 688 دەرکرد , وە ناوچەیەکی (دژە فڕین )ی دیاریکرد کە بە (هێڵی 36 ) ناسراوە , ئەم بڕیارە کۆتایی هێنا بە بۆردمانکردنیان و وە لەهەمان کاتدا بووە دەرفەتی بەدەستهێنانی سەربەخۆی سیاسی لە هەر سێ پارێزگاکانی باکوری عێراق (دهۆك , هەولێر و سلێمانی). بەڵام سەرەرای ئەم سەربەخۆییە سیاسیە , سیستەمی هاوردەکردنی خۆراك هاتەکایەوە , بەواتایەکی تر کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژ بە مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان بە تەنها , کۆتای هێنان نیە بە هەموو جۆرە توندوتیژیەك کە ئەنجامدراوە لەم ژینگەیەدا : لەم توێژینەوەیەدا روونی

[1] BONZI Bénédicte : « Au Kurdistan d'Irak, les paysans ont perdu leur autonomie semencière » in https://www.infogm.org/au-kurdistan-d-irak-les-paysans-ont-perdu-leur-autonomie-semenciere . Date de publication : 19 août 2014. Consulté le 07 août 2017.

[2] نوسەری ئەم ووتارە کە خاتوو بەنەدیکت بۆنزی یە , گەشتێکی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەکادیمی کردووە بۆ کوردستان لەمانگی 5 و 6 ی ساڵی 2013 و 2014 . وە خاوەنی ماستەرنامەیەکە لەسەر هەمان بابەت لە زانکۆی خوێندنی باڵای زانستە مرۆییەکان لە پاریس .

[3] WALLISSER, Yann., Ruralité, urbanité et violence au Kurdistan, Etudes rurales n°186, Laboratoire d'Anthropologie sociale, Editions de l'école des hautes études en sciences sociales, 2011, 246 p.

[4] پێناسە : مافی خاوەنێتی بۆ دانەری بیردۆزەکانە (copyright©)

[5] Selon Boris Boillon ambassadeur de France en Irak, http://france.krg.org/fr/investir-au-kurdistan.html

بە پێی وتەکانی بۆریس بوالۆن سەفیری فەرەنسا لە عێراق .

[6] Campagne de déplacement de population et d'extermination menée par le parti Ba'ath à l'encontre des Kurdes.

دەکەینـەوە کـە چـۆن هاوکـاری خـۆراکی (بـایعی) , نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراك), وە ئـەو یاسـایانەی کـە نوسـران لەلایـەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەرەوە , تایبەت بە چاندنی تۆو , جۆرێکی ترن لە بەردەوام بوونی توندوتیژی بەرامبەر بە جووتیـاران وە تێکدانی کشتوکاڵ و شێوەی ژیانی لادێ ) لەم ناوچەیەدا .


Mines, Montagne à la périphérie d'Erbil
Crédits : Bénédicte Bonzi

## 1961 تا 1995 ژینگە کە بە گشتی ڕەشە کوژ کراوە

ئــەم توندوتیژییانــەی کــە بــە بــەردەوامی لــە کوردســتان ئەنجامـدراوە , نزیکـەی 40 سـاڵ زیـاتری خایانـدوە ,لـە هـاتنی رژێمـی بەعسەوە بـەردەوام بـووە تـا کۆتـایی شـەڕی براکـوژی لـە سـاڵی 2005 [7]. هەنـدێ لـەم توندوتیژیانـە ئاراسـتەی ژینگـە کـراون , بـە ئامـانجی کۆچـکردنی بـەزۆرە ملێـی دانیشـتوانەکەی , ئاسـانتر بتـوانن خەڵکەکـەی دەسـتەمۆ بکـەن . ئـەم پرۆسـەی توندوتیـژی دژ بـە ژینگەیـە رۆژ بـەرۆژ پەرەی دەسەند . لەسەرەتادا پرۆسەکە بریتی بوو لە جێ گۆڕینی خـەڵکی گوندەکان بەرەو موجەمەعەکان , کە ئەمەش بووە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی . ئەمەش بە پێـی رێکـەوتنی جـەزایر کە لە ساڵی 1975 ئیمزا کرا لە نێوان عێراق و ئێران , کـە تێیـدا بڕیـار درا ناوچـەیەکی قەدەغـەکراو (الاراضـي محرمـة) دیاری بکرێت , بـە پـانی 30 کیلـۆ مـەتر لـە نێـوان سـنوری هـەردوو وواڵاتـەکە زیـاتر لـە 450.000 تـا 600.000 کـورد ناوچەکانیان بە زۆر پێ چۆڵکرا .

لە ساڵانی (1958, 1961 و 1975) چەند پرۆسەیەك بە ناوی ( اصلاحی زراعـی )ەوە , بـووە هـۆی گـۆڕینی مـافی موڵکایـەتی لـە زەوی یـە کشـتوکاڵیەکاندا , ئـەم هـەنگاوە کاریگەریـەکی زۆر گرنگـی هـەبوو بـۆ سـەربەخۆیی بەرهـەمهێنانی خۆراك. بەڵام ( صدام حسین ) بڕیاری کۆکردنـەوەی تۆوەکـانی کـردە ناچـاری , کـە پێویسـتە هـەموو تـۆوێکی بەرهـەمهێنراو ببرێتە بەغداد یان بە پایتەختدا تێپەرببێت , بە مەبەستی دابەشکردنەوەی دانەوێڵە لە یەك سەرچاوە وە . وە کوردەکان بـیر لە سەربەخۆیی بەرهەمهێنانی خۆراك نە کەنەوە . ئەم جۆرە بڕیار و مامەڵەکردنانە زۆر بە قـووڵی کـاری کـردە سـەر ژیـانی لادێ نشـینەکان , و بەتایـەتی پێکهاتـەی سیسـتەمی کۆمەڵایـەتیان . وە لـە لایـەکی تـرەوە بـووە هـۆی دابـڕینی جووتیـار لـە بەرهەمەکەی .

سەختترین خاڵی ئـەم توندوتیژیانـە لـە سـاڵی 1975 وە تـا 1989 بـریتی بـوو لـە (سیاسـەتی خـاك سـوتاندن) . لـە ئەنجامدا لە کۆی 5200 لادێ 4500 یان وێران کران , چەندین توندوتیژی لە یەك کاتدا ئەنجامدران , وەك : ( لـەناوبردنی بەروبوومەکان , لەناوبردنی تۆوە ڕەسەنەکان , قڕکردنی مەڕوماڵات , لە ناوبردنی دانیشـتوان بـە کۆمـەڵ , چـیمەنتۆ کردنـی هەموو سەرچاوە ئاوییەکان , چاندنی ئەڵغامی (مین) دژە مـرۆڤ لـە ناوچـەکانیان , لـە نـاو بردنـی ئـەمباری تۆوەکـان لـە بـەر چاوی جووتیارەکان و دابرانـدیان لەخاکەکـەیان , کۆچـی بـەزۆرە ملێـی دانیشـتوانی لادێ کـان بـۆ نـاو کۆمـەڵگای بـەزۆرەملێ (موجەمەعەکان ), کە تا ئێستاش زۆربەیان هەر لەوێ نیشتەجێن و خراونەتە بار و دۆخێك کە هەمیشـە چـاوەڕێی هاوکـاری خۆراکی (بایعی) ن .

لەساڵی 1990 کە جەنگی (کەنداوی عەرەبی فارسی) راگەیـەنرا , دوای داگیرکردنـی کوەیـت لـە لایـەن عێراقـەوە , کوردەکان بوونە قوربانی دوو گەمارۆی ئابووری : یەکـەم کـە بەغـداد چەسـپاندبووی بـە سـەر کوردسـتاندا , دووەم گـەمارۆی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لەسەر هەموو عێراق . لەم ماوەیەدا بارودۆخێکی ناهەمواری خـۆراکی سـەریهەڵدا , بۆیـە گەرانـەوە

[7] BOZARSLAN Hamit, Conflit kurde, Le brasier oublié du Moyen-Orient, Editions autrement, Paris, 2009, 172p.

بەرەو کشتوکاڵ کردن بووە ناچارییەك . دانیشتوانی زۆربەی ناوچە کوردیەکان سەرەرای ئەوەی کە بەزۆرەملێ کۆچیان پێکرابوو لەناوچەکانیان تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون لەخۆ رێکخستنەوە و کاری کشتوکاڵ کردندا . بەڵام لەگەڵ گەیشتنی یارمەتی خۆراکی (بایعی) , و دواتر دانانی پرۆگرامی ( نەوت بەرامبەر بە خۆراك ) بووە هۆی دووبارە تێکدانی کەرتی کشتوکاڵی . مامۆستایەك لە زانکۆی هەولێر لە مانگی شەشی 2014 دا پێی راگەیاندین کە : (ئەوەی کشتوکاڵ دەکوژێت لەعێراق , پارەیە).

## دروستکردنی ئاشتی لە لایەن ئەمریکاوە

بە هۆی ناهەمواری بارودۆخەکە , هەڵەیە بگوترێت کە هاوکاری خۆراکی (بایعی) پێویست نەبووە . بەڵام کێشە کە لە چۆنیەتی بەخشینی یارمەتیەکە دایە . بەو جۆرەی کە لە ساڵی 1995دا بەرنامەی هاوکاری خۆراکی بەستراییەوە بە پرۆگرامی (نەوت بەرامبەر بە خۆراك) [8] , وە هاوردەکردنی برێکی زۆر تۆو بۆ ناوچەکە : ئەمانە هەمووی بەخۆرایی دابەش دەکرێت بەسەر دانیشتوانی وولاتەکەدا , بەڵام لە راستیدا برە پارەی لە 21٪ بوودجەی دەوڵەتی عێراقی تێدەچێت ! هاوکاری خۆراکی نێودەوڵەتی , بریتی نیە لە بەخشینی خۆراك بە بێ بەرامبەر وەك چۆن هەندێ لە رێکخراوە ناحکومیەکان (NGO) دەیکەن . هاوکاری خۆراکی نێودەوڵەتی بەرنامەیەکە لەسەر بوودجەی دەوڵەت دەکەوێت , واتە حکومەتی عێراقی پارەی ئەو خۆراکە دەدا کە بە خۆرایی دابەش دەکرێت .

ئەم بەرنامەیەکە بەشێوەیەك دارێژراوە کە جووتیاران هان نا دات بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندە رووخاوەکانیان تا جارێکی تر بیان خەنەوە بواری وەبەرهەمهێنان (استسمار) . ئەو ئاردە کە لە بایعی دابەش دەکرێت بە نمونە وەردەگرین , زۆر لایەنی ئاڵۆز و نادیاری ئەم بەرنامەیە بە باشی دەردەخات . ئایا ئەو ئاردە بە چەند کڕاوە ؟ تا حکومەت بەخۆرایی دابەشی دەکات . کێ ئارد دەکرێ کاتێك کە بە خۆرایی پێی دەدرێت ؟[9] . ئەمە مۆدێلێکی نوێی سیستەمی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیە کە لە رێی هاوکاری خۆراکەوە دەسەپێنرێت , کە نرخی خۆراك دەبەستێتەوە بە بازاری نێودەوڵەتیەوە , چیتر ئەو شوێنەی جووتیار رۆژانە کشتوکاڵی تێدا دەکات , بۆی نا بێتە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنەر , بۆیە ئەو خەڵکەی کە جاران جووتیار بوون ئێستاش لە شارەکان دەمێننەوە و مووچەیەك وەردەگرن چونکە بە قوربانی جەنگ دەژمێرین , یان کارێکیان پێ راسپێراوە لە دامەزراوەیەکی حکومیدا . لە ئەنجامدا ئەمرۆ نزیکەی 70% ی دانیشتوانی کوردستان پارە لە حکومەت وەردەگرن . ئەم پارەیەش سەرچاوەکەی لە نەوتەوە دێت , بۆیە دەبێت حکومەتی عێراق بەشێك لە داهاتی نەوت بدات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان .



Culture de pois chiche, Région de Sirouan
Crédits : Bénédicte Bonzi

پێکهاتەیەکی تری ئەم بەرنامەی یارمەتیە لە سەر کشتوکاڵ بریتیە لە : هاوردەکردنی خۆراك بە برێکی زۆر , لە رێی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ( UN, FAO ) و رێکخراوی ئەمریکی ( USAID : بریتیە لە رێکخراوێکی ئەمریکی بۆ رێکخستنی یارمەتی بۆ پەرەپێدان ), لە بواری تۆوی لێکدراو (هجینکراو) (Hybrid seeds F1. کەواتە ئەمرۆ تەنها 22 جۆر تۆخمی گەنم رێی پێدراوە کە ناونوس بکرێت لە کەتەلۆگی نشتیمانی تۆوی عێراقدا . بەڵام لە کوردستان تەنها باس لە 7 جۆر تۆوی گەنم دەکەن . بەرێز (Kelly T.Crosby ) کە پسپۆرێکی قانونی

---

[8] UNWPH, Comprehensive Food Security and Vulnerability analysis, Kurdistan Regional Statistics Office, Iraq, 2008

[9] (تێبینی وەرگێڕ) بەڵام وەك دەزانین چەند جۆرێك ئارد هەیە لە کوردستان , ئەو ئاردەی کە لە بایعی دابەش دەکرێت هەندێ جار جۆرەکەی بە کەڵکی نان دروست کردن نایەت , بەڵام خێزانانی کەم دەرامەت ناچارن بەکاری بهێنن .

ئەمریکیە[10] , روونی دەکاتەوە کە بەدرێژای ئەم ماوەیە هەندێ یاسا چەسپێنراون بۆ سەپاندنی ئەم بەرنامە و مۆدێلە نوێیانە , لە ئێستا بەدواوە , هەر جوتیارێکی عێراقی تۆوی رەسەنی گەنم بچێنێت دەبێتە ساختەکار (تەزویرچی), بەڵام ئەگەر تۆوی گەنمی بیانی بەکار بهێنێت ئاساییە ! پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە جووتیارە دێرینەکان بوونەتە قوربانی سیاسەتێکی چەوسێنەر : بەمجۆرە رێزگرتن لە یاسا لە بۆ ئەو جووتیارانەی کە هەموو بەرهەمەکانیان لەناو چووە هەوڵویستێکی تر دەگەیەنێت .

بەمجۆرە , بەسەدان قانوون داڕێژراون لە لایەن ئەمریکاوە لە ماوەی داگیرکردنی عێراق , وەك قانونی ژمارە 81 کە بە (فەرمانی برێمەر 81) ناسراوە[11], کە تایبەتە بە تۆو , بە پێی ئەم بڕیارە نوسینی ناوی تۆو کرا بە ناچاری لە خشتەی تۆوی نشتیمانی عێراق بە پێی پێوانە جیهانیەکان[12]. بەم شێوەیە جۆرو توخمی تری تۆوی قەدەغە دەکرێت , وە ئەم قانونە رێدەدات بە لە ناوبردنی هەموو ئەو تۆوانەی کە پێچەوانەی ئەم یاسایەن . ئەم قانوونە ئەوە دەسەلمێنێت کە عێراق رەچاوی یاسای موڵکایەتی هزری (TRIPS) کردووە[13], هەروەها رێی پێ دەدات کە خۆی کاندید بکات بۆ بوون بە ئەندام لە رێکخراوی بازرگانی جیهانی (wto)[14].

**پەسەندکردنی ئەم سیاسەتی کشتوکاڵیە بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ یاساکانی بازرگانی نێودەوڵەتی , تەنها بۆئەوەیە کە کەرتی کشتوکاڵی عێراق بتوانێت بەشدار بێت لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا , لە کاتێکدا ئەم قانوونە تایبەتە بەو کێڵگە گەورانەی کە یەك جۆر بەرووبووم بەرهەم دەهێنن بە برێکی زۆر بە مەبەستی ناردنە دەرەوە و بازرگانی کردن . گرنگ نیە ئەم قانوونە چ دەرئەنجامێکی دەبێت لە سەر دانیشتوان ؟**

**جەنگ و (ئاشتی) لە کوردستان و گۆرانکاریە مەزنەکان هەموو ئەمانە بەکارهێنران وەك چارەسەریەکی پزیشکیانە , ((چارەسەریەك بەرێگەی شۆك کردن)) (العلاج بالصدمە), وە لە بواری کشتوکاڵیشدا: هێنانە ناوەوەی سیستەمی لیبراڵی , کە زیندەوەر کراوە بە کاڵا , لە کاتێکدا کە کشتوکاڵ بریتیە لە ( بۆماوەیەکی فەرهەنگی ویراسی) گەلەکە . چیتر ئایا دەتوانین باس لە سەربەخۆی بکەین لە کاتێکدا جووتیارەکان بێ بەشکراون لە سەرچاوەی سەرەکی ژیانیان , تۆوی بەرووبومەکانیان وە جڵەوی ئەم سیاسەتە بە دەست رێکخراوە نێو دەوڵەتەکانەوەیە ؟ .**

---

[10] CROSBY, Kelly T., The United States and Iraq : Plant Patent Protection and Saving Seed, *Wash. U. Glob. Stud. L. Rev.* 511 (2010), http://digitalcommons.law.wustl.edu/globalstudies/vol9/iss3/5

[11] *Inf'OGM*, « IRAK - Loi sur la propriété intellectuelle sur les semences », Christophe NOISETTE, octobre 2004

[12] **DHS** pour "Distinction, Homogénéité, Stabilité" prouvant que la variété proposée est distincte des variétés existantes (donc nouvelle), homogène (constituée de plantes identiques) et stable ("si elle conserve, pendant sa durée de commercialisation, ses caractéristiques telles que décrites au moment de l'homologation de la variété. Une façon de vérifier si une variété est stable consiste à comparer régulièrement les lots de semences qui circulent à l'échantillon de référence détenu par le GEVES, et de vérifier si les lots sont identiques à la référence ou pas. Glossaire du GEVES - http://www.geves.fr/glossaire-pop.php?id=26 [archive]

[13] https://www.wto.org/english/tratop_e/trips_e/tripfq_e.htm

[14] L'Organisation mondiale du commerce est une organisation internationale qui s'occupe des règles régissant le commerce international entre les pays. Wikipédia